# ئەمریکا بکشێتەوە عەرەب لە بیست و چوار سەعات دا کوردستان سەرکوت دەکات

عەبدوڵا ئۆجەلان سەرکردەی پەکەکە کە ئێستا لە بەندیخانەی تورکیایە رایگەیاند سیاسەتێکی دیاری کراو لە ساڵی (1920) ەوە پیادە دەکرێت لە ناوچەکە و بە پێی ئەو سیاسەتە ئەمریکا و بەریتانیا و ئیسرایل دەیانەوێت گشت کوردەکانی ناوچەکە بە کوردی عراقەوە ببەستنەوە و ناوچەکەش بە کورد کۆنترۆڵ بکەن.. ئۆجەلان وتی گرتنی من لە ئیمرالی پەیوەستە بەو سیاسەتە فراوانەوە و ئەو سێ وڵاتە بە پێی پلانێک دەیانەوێت لە رێگەی کوردەوە سەرانسەری ناوچەکە کۆنترۆڵ بکەن .

وتیشی ئەمریکا سەدامی بە کورد لەناوبرد و ئێستاش ئامادەکاری دەکات بۆ ئەوەی کورد لە دژی ئێران بەکاربێنێت بەو مانایەی واشنتن عراق دەکاتە بارەگایەک بۆ خۆی .هەروەک ئاماژەی کرد بە مەترسی ئەو سیاسەتەی بەریتانیا و ئەمریکا و ئیسرایل بەرامبەر بە کورد و وتی مەترسی لەبەرچاودایە و ئەگەر ئەمریکا لە عراق بکشێتەوە ئەوا عەرەب لە ماوەی بیست و چوار سەعات دا کوردستان سەرکوت دەکەن .

رۆژ تی ڤی